سلێمانی.. داخستنی هەردوو ڕێگای ئەزمەڕ و گۆیژە

ئەمڕۆ شەممە،هاتوچۆی سلێمانی رایگەیاند، هەردوو ڕێگای ئەزمەڕ و گۆیژە بەهۆی بەفرەوە داخراوە و داواکارین شۆفێران بەکارینەهێنن.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، ئاگاداری سەرجەم شۆفێران دەکەین بەهۆی بارینی بەفر و بوونی بایەکی بەهێز ڕێگاکانی چوونەسەر هەردوو چیای گۆیژە و ئەزمەڕ بەستویەتی و شەختە درووست بووە، بۆیە هەموو ڕێگاکانی چوونەسەر چیای گۆیژە و ئەزمەڕ بەربەستکراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "داوا لەشۆفێران دەکەین روو لەوناوچانە نەکەن چونکە ڕێگە بە هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێک نادرێت ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنێت".

وتیشی، "داواش لە شۆفێران دەکەین بە کاری زۆر پێویست نەبێت ڕێگاکانی ناوچە شاخاویەکان بەکارنەهێنن چونکە لەزۆربەی ناوچەکان بەفر باریوەو ئاستەنگی هاتوچۆ دروست بووە".